سەرۆک وەزیران جەخت لەگرنگی چاکسازییەکانی کەرتی بانکی دەکاتەوە

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئێوارەی ئەمڕۆ چوارشەممە لە شوێنی مانەوەی خۆی لە واشنتۆن پایتەختی ئەمریکا پێشوازی کرد لە سەرۆکی بانکی جێی پێی مۆرگان بەنز دانەل زلیکە و شاندەکەی یاوەری.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوەکی نوسینگەی ڕاگەیاندنی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران

لە میانەی دیدارەکەدا تاوتوێ هەوڵەکانی حکومەت کرا لە جێبەجێکردنی چاکسازییە دارایی و بانکییەکان، لە چوارچێوەی ئەو ڕێچکەیەی کە بەدوایدا دەگەڕێت بە بەرەوپێشبردنی دۆخی ئابووری و بەدیهێنانی گەشەپێدان، جگە لە گفتوگۆکردن لەسەر ڕەوشەنەکانی حکومەت لە پەرەپێدانی کەرتی بانکی حکومی لە ڕێگەی گرێبەستکردنەوە لەگەڵ گەورە کەمپانیاکانی ڕاوێژکاری جیهانی تایبەت بە چاکسازی بانکی و هاندانی بانکە تایبەتەکان بە کردنەوەی هەژمار لە بانکە بیانییەکان بە ئەوەی ببنە بانکەکی پێیامنەر، بەپێی پلانێک کە ئامانج لێی وازهێنانە لە پلاتفۆرمی ئەلیکترۆنی لە کۆتایی ئەمساڵدا.

سودانی جەختی لەوە کردەوە کە ناتوانرێت لە هیچ کەرتێکی گەشەپێداندا کار بکرێت بەبێ هەنگاوی چاکسازی بە کەرتی بانکی و پێویستی بەردەوامبوونی وتوێژ لەگەڵ گەنجینەی ئەمریکا و بانکی فیدراڵی

ئەمریکا و سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و دامەزراوە دارایییە نێودەوڵەتییەکانی دیکە.

لە لای خۆیەوە،زۆرلێکە ستایشی هەوڵەکانی حکومەتی عێراقی کرد لە چالاککردن و پێرەپێدان و ئامادەکردنی بانکە حکومی و تایبەتەکان و ڕەوشونەکانی لە بواری پێشکەشکردنی هاوکاری بە بانکە تایبەتەکانی عێراق و جێختیشی کردەوە لە پشتیوانیکردنی چالاکییەکانی سندوقی عێراق بە پێرەپێدان و ئامادەیی خۆی دەربڕی بە پێشکەشکردنی شارەزایی و هاوکاری لە بواری ڕاهێنان و هاریکاری و هاوبەشیدا.